# هەوڵێک بۆ نووسینەوەی "کڕاکە"

**عادڵ قادری**
**(کرمانشا)**

## بەرایی‌ەکی گشتی:
## تراژیدیای "بوون" لە نێوان واقیع و دالە بەتاڵەکان

### ١-خوێندنەوە وەک "ئاو"

خوێندنەوەی هەر دەقێک پێش هەر شتێک سەفەرێکی نادیارە، سەفەر بەو واتایەی کە هەڵگری تایبەتمەندی جووڵە و بزاوتن، یان بە دەربڕینێکی میتافۆریک پێویستی بە "ئاو" هەبوون (becom)ە، وەک ئاو بخشێیت و بجمێیت، ئاو لە سەرچاوەوە هەڵدەقوڵێت، ئایا سەرچاوە دەزانێت ئاو، یان "خۆی" بەرەو کوێ دەخشێت و لە کام ئاراستە لادەدات و دەوەستێت؟ ئایا "ئاو" دەوەستێت؟ پێم وایە "ئاو" هەڵگری شتێکی جەوهەری و زاتی بێت کە من لە سەرەتادا وەک ئاوەڵناو دامە پاڵی سەفەرو دەشێت بڵێم سەفەری نادیار دەربڕینێکی مەجازی بێت بۆ "ئاو" و ئاو میتافۆرێک بێت بۆ ڕۆیشتن و نەوەستان و سەفەری نادیارکردن، بۆیە دەشێت ڕستەکەی هراکلیتۆس بە بیر بێنینەوە، کە ئێمە هیچ کات ناتوانین دوو جار پێ بخەینە ناو ڕووبارێکەوە، چونکە ئاوەکە بەردەوام دەخشێت و دەڕوات، ئەو ئاوەی کە پێ دەخەینە ناوی و لە چرکەی یەکەمدا بەری پێمان دەکەوێت و هەستی پێ دەکەین جیایە لە نیوەی نیو چرکە پاش ئەو ئاوەی کە هەستی پێ دەکەین لە هەمان ڕووباردا، بەڵام بەو مەرجەی نەڵێین"بابا آب داد"، واتە هەندێک بە "خود"ێکی ئاگا و هۆشیارەوە تێکەڵی ئاو بین، بەڵکو ئاوی هیچ باوکێک تێکەڵمان نەبێ و ڕێگەی سەفەر لار و خوار نەکرێتەوە، باوک سەفەرکردنە بە هەرێمی "دیار" دا، پێچەوانەی ئاوبوون کە سەفەرکردنە بە نادیاردا، بۆیە دەق دنیـــا و بوونە و باوک ژیان و ئاخیرەت!

### ٢-خوێندنەوەی والا

ئەگەر خوێندنەوە پرۆسێسێکی بەردەوام بێت و سێ گۆشەی زێڕینی هەبێ (هەڵبەت ئەگەر بە ڕوانینێکی غەیری فووکۆیی چاوی لێ بکەین و دەق لە ژێر هەژموون و هەیمەنی هەر چەشنە دەسەڵاتێک نەبینینەوە) ئەوە ئەم گۆشانە بریتن لە: ١-دەق، ٢-خوێنەر، ٣-ژێردەق. ئەم سێ گۆشانە سێگۆشەیەکی لاهاوسان پێکدێنن و مانایەکی بزۆز بەرهەم دێنن کە دەشێت لەژێر ناوی "مانای من" واتە مانای کەسێک کە دەیخوێنێتەوە پێناسە بکرێت، واتە مانا ئاماژەیەکی خوازەییە بۆ ئەو پرۆسێسە کە لە چەقی "بوون"ی من(I)دا ڕوو دەدات. دەشێت مانا دەق تێبپەڕێنێت، سپی خوێنی بکات، سوور خوێنی، خوێن خوێنی و بگاتە ئەو ئاستەی کە وەک دریدا دەڵێت ڕەسەنایەتی بۆ چەشنێک گۆتەوەری (Phonocentrism)(١)و ئاخافتن بگەڕێنێتەوە، کە ڕاستی و کاکڵی دەق بۆ ئەو دەربڕینە زارەکییە

دەگەڕێنێتەوە کە ئێستە بووە بە نووسین و دەقەکی، واتە دربڕینی یەکەم ڕستەی تەورات"سەرەتا وشە بوو" هەمان واتا نادات کە ئێمە دەشێت هەر ڕاڤە و تەئویلێکی لێ بکەین، چوون گادامێر گوتەنی نووسین نەریتە(٢) و نەریتیش ئەگەرچی یەکێکە لە گریمانە دانراوەکانی خوێندنەوەی دەق و جیهان، بەڵام ئەمە دریدایە بە پێکهاتەشکێنی هەموو نۆرمەکان هەڵدەوەشێنێتەوە و دەگاتە خۆئاگاییەکی هێرمنیوتییەکی تایبەت کە تێیدا پێگەیەکی ماناتەوەرانە بۆ خواست و خەونە لۆگۆسییەکانی مرۆڤ بە گشتی باس دەکات و لە قەوارەی چەمکی لۆگۆسەنتریزم ((Logocentrism)(٣)دا دەیگێڕێتەوە.

**٣-پێکهاتشکێنی (deconstruction)(٤)و ماناتەوەری**

پێکهات ئەو قەوارە و هەرێمەیە کە تەنانەت لە بیردۆزی پێکهاتەخوازیشدا لەخۆگری چەشنێک لە گریمانە بۆ ناوەندی مانا بوو، ئەم ناوەندە دەسەڵاتی بەسەر پێکهاتدا هەیە، بەڵام کەمتر پێکهاتی خودی ئەم ناوەندە شیکراوەتەوە (ئەمە خاڵی پەڕینەوەیە لە پێکهاتەخوازی بەرەو پێکهات شکێنی و هەڵگری ئەم تێگەیشتنەشە کە پێکهاتەخوازی خۆی لە خۆیدا تۆ و گەرای پێکهاتەشکێنی هەڵگرتووە)، خواست و ئارەزوو (desire)ی ئێمە بۆ داسەکنان لە ناوەندێکدا ئەوەیە کە ئەم حاڵەتە چەشنێک ئامادەیی لە «بوون» مان(٥)(being as presence) بۆ دەستەبەر دەکات. بە باوەڕی دریدا پێکهات چەمکێکە دەبێتە لەمپەر لەبەردەم کایەی مانا لە دەقدا و دەق دەکات بە سیستمێکی پێناسەکراو و داخراو، کەواتە پێکهاتەشکێنی هەر تۆخم و ڕەگەزێکی پێشینی و پێدراو ڕەت دەکاتەوە و دەیەوێت بڵێت کە هیچ چەشنە پێکهاتێکی داڕێژراو بەسەر دەقدا زاڵ نییە و دەق لەگەڵ خۆیدا دەکەوێتە دژایەتیکردن و پرۆسەی ڕەت و ئینکاری"خود"ی دەقی تێدا ڕوو دەدات. ئەم تایبەتمەندییەی دەق دەبێتە هۆی گەرەنتی بوون و دەرکەوتنی بیروڕاجیاوازەکان لەهەمبەر دەنگە دیکتاتۆری و وەحدانییەکان، هەروەها ڕەسەنایەتی بەخشین بە ڕەخنەکردن و خوێندنەوە لە هەمبەر بەندەگی و ملکەچی، و جیاوای و جیاوازتر بوون لەهەمبەر هاوچەشن سازی و ڕۆبۆت بوون دادەنێت، بۆیە بەگشتی چەشنێکە لە گومانخوازی گشتی و لای هابرماس ئەم شێوازەی ڕوو بەڕووبوونە لەگەڵ دەق کە هەڵگری کراوەیی و خۆشکێنی



جاک دریدا

و خۆئیرجاعی و ڕێژەمەندییە، لە ژێرناوی "هێرمنیوتیکی گومان"(٦) خۆی دەردەخات، ئەگەرچی هابرماس خۆی بە بیرمەندێکی هێرمنیوتیکی نەزانیبێت!

**٤- دەق لە نێوان ئەفسانەی بزۆزیی مانا و حەقیقەتی مەندی زانست و هەوەسی ونبووندا:** دەگێڕنەوە کە ٧٠٠سال لەمەوپێش ڕاهیبێک پاش بینینی تاریکی (darkness)(٧) پێوەندی خۆی لەگەڵ دنیا بەتەواوەتی دەپچڕێت، پاش چەندان سەدە ڕابووەوە و سەری هەڵدایەوە و لەگەڵ کتێبێک (دەق) بوو بە یەک! هەموو لەشی خۆی کرد بە پەڕە و لاپەڕە و کتێبێکی نووسی کە بە کتێبی نەفرەتکراوان ناوبانگی دەرکرد، هەنووکەش ئێمە بەدوای تێگەیشتن لە مانا و سەرهەڵدان و دەق و ژێر دەق و پێکهات و ناپێکهاتەکانیداین! ئەم کتێبە بە خوێن و گۆشتی ڕاهیبەیەکی گومڕێ نووسراوە، پاش فامکردن و ناسینی تاریکی. ئەم دەقە ترسناکە.

بۆیە دەڵێم: لای ئێوە هەوەسێک ئامادەیە بۆ خراپترین و مەترسیدارترین چەشنی ژیان کە ئەمە زۆرتر لە هەر شتێک من دەترسێنێ؛ هەوەس و چڵێسییەک بۆ ژیانی گیانلەبەرە دڕندەکان؛ بۆ دارستان و ئەشکەوت و کێوە سەرەولێژەکان و سەردابە توێ توێ و پێچەڵپێچەکان. و ئەوەی کە زۆرتر مایەی سوکنایی ئێوەیە ئەو شتانە نین کە لە گێژەنی مەترسی وەدەرتان دەنێت، بەڵکو ئەو شتانەیە کە ئێوە لە ڕێگە بەرەو لاڕێگە دەبات، واتە

مایەکانی گومڕییی، بەڵام ئەگەر وەها حەوسەڵەیەک لای ئێوەمانان ڕاستەقینە و واقیعی بن، بەهەموو ئەمانەشەوە بەبڕوای من شتێکی نەکردەیە، چوون "ترس" هەستی بنەڕەتی و بنەمایی بەشەرە، ترسە کە مانای گوناهی یەکەمین و چاکەی یەکەمین ڕوون دەکاتەوە، لە دڵ و هەناوی ترسە کە "چاک"ی من پشکووتووە، هەر ئەوەی کە ناوی"زانست"ـە.

وەهای گوت پیاوی بەویژدان.(٨)

### ٥-نووری جیهان

عیسا: من نووری جیهانم، هەر کەس شوێن پێی من بکەوێت، لە تاریکیدا نامێنێتەوە، چوون نووری ژیانبەخش ڕێگاکەی ڕوون دەکاتەوە.

فەریسییەکان گوتیان: تۆ بە خۆتدا هەڵدەڵێی، تۆ مەدحی خۆت دەکەیت، تۆ درۆ دەکەی.(٩)

### ٦- مونتاژی ئەدەبی

شێوازی ئەم کارە؛ مونتاژی ئەدەبییە. من هیچم نییە بیڵێم، تەنیا هەندێک شت پیشان دەدەم، نامەوێت دەربڕینی لێوڕێژ لە ڕوحانییەت بهێنمە بەرهەم و نەشتوانم لە شتێکی پڕ بایەخدا بەکاریان بهێنم. بەپێچەوانەوە من شتی تووڕدراو و زبڵ ئاسام لە لایە: نامەوێ ئەوانەش وەسف بکەم، بەڵکو دەمەوێ بیانهێنمە پێش چاو.

دەبێت ئەم کارە تا ئەوپەڕی ئیمکان سوود لە هونەری وەرگرتن ببینێت، بە بێ ئەوەی کەوانە بچووک بکاتەوە، تیۆرییەکەشی لە تیوری هونەری مونتاژکردنەوە زۆر نزیکە.

قسەکردن لەسەر کتێبی سروشت ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە مرۆڤ دەتوانێت واقیع وەک تێکست بخوێنێتەوە.

والتەر بنیامین، کتێبی بازاڕەکان(١٠)

### ٧-من:

من دەمگوت: «ئاه نەسرەددینی بۆنخۆشی برام، من شێتی دۆزینەوەی حیکمەتەکانی ویرانبوون نیم، من گەرەکمە شتەکان، حەقیقەتە پارچەپارچەکان، وێنەکانی ئەو سەردەمە لەیەک ترازاوە بەیەکەوە بنێمەوە، تا بتوانم لەخۆم و لە مەرگی پەروانە تێ بگەم، تا بتوانم نیگارێک وەک ئەو نیگارانە دروست کەمەوە کە تۆ بە دیواری ئەو ستۆدیۆیەدا هەڵتواسیون».

ئەو بە گومانی وێنەگرێکەوە کە لە هیچ نیگارێکی نارێک و تەڵخ ڕازی نییە، دەیگوت: «تازە هەر وێنەیەک دروست بکەین، وێنەیەکی خەیاڵی خۆمانە، وێنەیەکە پێوەندی بە فانتازیاکانی من و تۆوە هەیە، بەڵام ئەو جیهانە ئێستا هەمووی وەک سەراب و تۆز وایە، تێمبگە حەقیقەت نازکە، کە بوو بە تۆز، بە غوبار، بە تەم، ئیدی کۆناکرێتەوە» "بەختیار عەلی، ئێوارەی پەروانە"

تێمبگە من حەقیقەتم ناوێ، حەقیقەت لەوە قورسترە من بەرگەی بگرم، حەقیقەت شەیتانێکی قدیسە، فێری خوێن و کوشتنە... هاهاهاهاها... بوون گاڵتە بوو، یا ایها السوداسەران(١١)... حەقیقەت تاکەکەسییە، دوورگەیەکە کە جۆن لاک و هابز و دەیڤید هیوم و هەر یەک بە قاچ و لووتی خۆیان تێیدا ون دەبن. تێیدا سەفەر دەکەن، بە داخەوە کە دەگەنەوە کڵێسەیەک!(١٢)

کڵێسە نازانێ "بوون غەمگینە(١٣)"چ بگات بە مزگەوت!یان کافێ، یان ئەنجومەن، یان حەزکۆی ئاڵۆشی گاشێتانەی یار" بۆیە سەنەم(١٤)
کڕاکە.

### ٨- مەرگی دانەر و شتەکانی تر لە (بارت)ـەوە تا "من"

ئەوەی کە دەکرێ بە سەردەمی پاش پێکهاتەخوازیی بارت ناو ببەین بە باشترین شێوە لە وتاری مەرگی دانەر(١٩٦٨) دەرکەوتووە. بارت ئەم ڕوانینە نەریتییەی کە دانەر، سەرچاوە و ژێدەری واتا و تەنیا کەسی خاوەن پێگەیە بۆ ڕاڤە و خوێندنەوەی دەق ڕەت دەکاتەوە. دانەر لە لای بارت لە هەموو ڕەنگ و بۆن و هەڵم و هالاوێکی میتافیزیکی دادەتەکێنرێت و دەبێت بە شوێن، ڕێ ڕێیان، چەند ڕێیان، چوار ڕێیانێک کە "زمان" ئەم هەمبار و زەخیرە ناکۆتایەی بەڵگەکان، پاتبوونەکان، زایەڵە و ئیرجاعەکان تێیدا لە هاتوچۆدان، بۆیە خوێنەر ئازادە لە هەر کوێیەک بیەوێت بەناو دەقدا بڕوات و لەم فرەڕێگەییەدا سیراتی موستەقیم و هێڵی پێناسەکراومان نییە، مەرگی دانەر پێشتر لە ڕێبازی پێکهاتەخوازیدا ئامادە بوو، چوون لەم ڕێبازەدا دەربڕینی تاکەکەسی (پارۆل) وەک بەرهەمی سیستەمە ناتاکەکەسییەکانی زمان (لانگ) چاوی لێ دەکرا(١٥)، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت کە دانەر خاوەن شتێکی سەربەخۆ و بەخۆوە نووسراو نییە و دەشێت موڵکی گشتی هەموو ئەندامانی هەناوی (لانگ) بێت کە خوێنەر یەکێکە لەو ئەندامە بنەمایی و گرنگانە. تازەیی ئەندێشەی بارت لەوەدایە کە خوێنەرەیل ئازادن بەبێ ملکەچبوون لەبەردەم مەدلوول، پرۆسێسی دەلالەتکردن و ئاماژە لە دەقدا بپێون، ئەوان

ئازادن تا ئاستی نەشەبوون(١٦) لە دەق چێژ ببینن و شوێن پێی لارولەنجە و عیشوەی دالەکان کە لە چاو و داوی مـــەدلوول هەڵدێن و دەخـــزێن بگرن، هەروەها خوێنەران پانتایی ئیمپراتۆرییەتی زمانن، ئەوان ئازادن کە دەق لەگەڵ سیستمە ماناییەکانی خۆیان ڕێک بخەن و نیازی دانەر فەرامۆش بکەن. بارت لە کتێبی چێژی دەق(١٩٧٥) دەپەرژێتە سەر ئەم ئازادبوونە بوێرانە و سامناکەی خوێنەر، ئەو ئیشی خۆی بە جیاکاری لەنێوان دوو شێوازی هەستکردن بە"چێژ" دەست پێدەکات:

**چێژی گشتی ١-چێژ، ٢-نەشئەبوون.**

نەشئە و شێوازە خاو و نیوەچڵەکەی، واتە چێژ هەردووک لە ناو چێژی گشتیدا جێ دەگرن، چێژی گشتیش هەموو ئەو شتەیە کە سەرووتر لە مانای ڕوون و ئاشکرای دەق دەکات بە ئامانجی خۆی، ئێمە هەروا کە دەخوێنینەوە و لە پرۆسێسی خوێندندا دەڕۆینە پێشەوە، دەگەینە جۆرێک لە پێوەندی تازەتر، زایەڵەیتر، سەرچاوەی تر و ئەم دابڕان و هەڵپڕان و ڕاچڵەکانە چێژ دروست دەکات، بێ هۆ نییە کە بارت سەرەتای کتێبی چێژی دەق بە وتەیەکی هابز (هەڵبەت بە خوێندنەوەی خۆی) دەست پێدەکات و دەڵێت: تەنیا جۆشوخرۆشی ژیانی من هەراس بووە. چێژی دەقیش بێ گومان لە پێوەندییەکی بەردەوام لەگەڵ بابەتی هەراس و تەئخیر و هاتوچۆی هەراسە. چێژ لەخۆگری چەشنێک (دابڕان، هەڵە، یان شکانە) کە لە نێوان دوو ڕووبەر و ئاراستەدا دێتە کایەوە، ئەو شوێنەی کە لەشی ڕووت لەگەڵ جلوبەرگ پێوەندی دەگرێت(١٧) و پێک دەنووسێن ناوەندی چێژی سێکسی و سەرەتای خەیاڵ و خەونە ئەفسووناوییەکانی خەیاڵدانی سێکسی و ناوکی سێکسدانە، کەواتە ئەگەر پەیوەست بەدەق ئەم باسە بکەین بەدەربڕینی بارت وای لێدێت: ئەوەی وا من لە خوێندنەوە و لە گێڕانەوەیەکدا چێژێکی سەرەڕۆییانەی لێ دەبینم هەمان ناوەرۆکی گێڕانەوە، یان تەنانەت پێکهات نییە، بەڵکو ئەو بەریەک کەوتنانەیە کە من لە ئاستە نیان و تەختەکەدا بەدی دێنم: من دەخوێنم، هەڵەدەکەم، دەڕۆمە ترۆپک و دێمەوە خوار.(١٨)

ئەم سەرەڕۆیی و وزەئازادەی کە خرایە بەردەم خوێنەر و دواتر لای دریدا گەیشتە چڵەپۆپە و پێناسەکردنی فۆرمیتر لە مامەڵەی ناکۆتا لەگەڵ دەق لای پێکهاتشکێنانی ئەمریکا و لای کەسێکی وەک دوومان دەگاتە چەمکی "هەڵەخوێنی"(misreading). ئەم چەمکە لە لایەن پۆل دوومان پێکهاتشکێنی ئەمریکی پسپۆڕی بواری ڕێبازی ڕۆمانتیک خرایە ڕوو و لە دەقی



ڕەزای عەلیپوور

باسەکانی پێکهاتەشکێنانی ئەمریکادا کە لەژێر کاریگەری ژاک دریدا بوون، مانای تایبەتی خۆی هەیە. هەڵەخوێنی لای دوومان بە ئاراستەیەکی جیهانی ڕۆمانتیکەکانەوە بالای کرد کە بەردەوام لە غیاب و فەوتانی "ئامادەیی بوون"(being as presence) گلەییان دەکرد و دەیانگوت: شانازی لە زەمین کۆچی کردووە.(١٩) شاعیرە ڕۆمانتیکەکان بەشێوەیەکی قووڵ گرێدراوی ئەزموونە ئیشراقی (illumination)یە بێ زەمانەکانن، کە لە چرکەساتێکی تایبەتی ژیانی «ڤان»دا دێتە داهاتن. ئەوان هەوڵ دەدەن ئەم چرکەساتانەی زەمان لە شیعری خۆیاندا ڕابگرن، یان دەستی بەسەردا بگرن و وشەکانیان لێوڕێژ بکەن، لەم ئامادەبوونە موتڵەق و ڕەهایە، لەم میتافیزیکە پتەوە، بەڵام وەک وتمان ئەوان بۆ لەناوچوون و لەکیسچوونی ئەم "ئامادەیی"ـە شین دەگێڕن: "شانازی لە زەمین کۆچی کردووە"، بۆیە سەیر نییە کە پۆل دوومان شیعری ڕۆمانتیکیانی بە ڕووبەرێکی کراوە لەهەمبەر پێکهاتشکێنیدا بینییەوە. ئەوی ڕاستی بێت دوومان لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ڕۆمانتیکەکان بە خستنەرووی ئەمەی کە"ئامادەیی" بە مەبەستی ئەوان بەردەوام نادیار و غایبە و لە داهاتوو، یان ڕابوردوودایە، بەشێوەیەکی کردەکی نووسینی خۆیان پێکهاتەشکێنی دەکەن.(٢٠) ڕومانتیکەکان بەشێوەی خۆیان لە جیهانی واقیعیان دەڕوانی و لای ئەوان تێگەیشتن لە جیهانی واقیع وەک ئۆبژە لەو خەم و حوزنەی ئەوان بەدەر نییە، کە بۆ ئەو غیابەی دەیگێڕن،

بەگشتی چەق و لۆگۆسی ئەوان و ئەزموونە شهوودییەکانیان خەون و خەیاڵێک بوون بۆ چەشنێک واقیعی ڕاستەقینە و بەرهەست کە هەنووکە ئامادە نییە و لە ڕابوردووشدا هەبووە و ئەگەری ئەوەش هەیە لە داهاتوودا دیسان بێتەوە کایەوە، ئەم ڕوانینە ڕۆمانتیکە بۆ واقیع چەشنێک لە زمان بەرهەم دێنێت کە دواتر پێوەندی خۆی لەگەڵ واقیع دانابڕێنێت، یان باشترە بڵێین کە باوەڕی بەو دابڕانە نییە، ئەمە دوومان و پێکهاتەشکێنانی ئەمریکان کە بەم گریمانە نیتشەییەوە: (زمان لە بنەمادا فیگۆر و شکڵێکی هونەرییە و ئەرک و کاری باسکردنی واقیع، یان گەڕانەوەی بۆ"ڤی"(واقیع) نییە)، چونکە لەبنەوەڕا هیچ زمانێکی بەری و مەعسووم لە فیگۆر و شێواز دەربڕین و بەلاغەت بوونی نییە، دەقە ڕۆمانتیکییەکانیان پێکهاتەشکێنی کرد، ئەمە بەو واتایەیە کە واقیع، یان سەرچاوە بەردەوام بە فیگۆرە کەلامی و دەربڕینە زمانییەکان ئالوودەیە و تەنیا ڕاڤە و خوێندنەوەی ئێمەیە کە دەیهێنینە ناو زمان بە هەموو عیشوە و بریق و باقە کەلامییەکانییەوە، بۆیە واقیعێک بوونی نییە! ئەوەی هەیە فامکردنی واقیعەکانە بە پێی فیگۆرە زمانییەکانی توانستی فامکردنمان و دارشتنەوە و هۆنینەوەیەتی بە پیی فیگۆرەکانی دارشتن و هۆنینەوەمان.

"هەڵە خوێنی" لێرەدا واتا پەیدا دەکات کە هەر جۆر فیگۆرێکی زمانی نەک تەنیا ئەدەب، بەڵکو ڕەخنە و فەلسەفەش لە هەناوی چەشنێک لە دەقئاسابووندا دەژی، ئەمە ئەو چەشنە لە هەڵەخوێنییە کە پێی دەگوترێت هەڵەخوێنی دروست و ڕەوا، بەڵام هەڵەخوێنییەکی دیکە هەیە کە نادروست و ناڕەوایە و ئاراستە و ئامانج و میتودی هیچ جووڵە و ڕێژەگەرییەکی هەناوی پێکهاتەشکێنی تێدا نییە. وەک ڕوونە و دەشێت بیزانین هەڵەخوێنی (misreading) زۆر دوور و جیاوازیشە لە هەڵەتێگەیشتن (misunderstanding). قازانجی هەڵەخوێنی ڕەوا لە چیدایە؟ هەڵەخوێنی ڕەوا دەبێتە هۆی ئەوەی کە گریمانەی "هەڵەخوێنی" کە لە هەموو زمانەکاندا وەک فیگۆر هەیە لەبەرچاو بگیرێت و سەرکوت نەکرێت، واتە ئێمە لەگەڵ دەسپێکی خوێندنەوەدا "هەڵەین"، ئەی ئاوی بەر و پشت لە خەڵکا، ئەم هەڵە هەتایە، کراکە ل(٢١)، بۆیە دەشێت بەم ئەنجامە بگەین کە دەقە ئەدەبییەکان خۆپێکهاتشکێنن، دەقێکی ئەدەبی لەیەک کاتدا دەسەڵاتی دەربڕین و بەلاغەت و فیگۆری زمانی خۆی ڕادەگەیەنێت و ئینکاریشی دەکات، ئێستە بە هەموو ئەم

باسانەوە پرسیار ئەمەیە کە خوێنەری "دەق" کێیە؟

یەکێک لەو سەرنجە فەلسەفییە جیددیانەی کە لەسەدەی بیستەم لەسەر خوێنەر چڕکرایەوە بیردۆزی خوێنەرتەوەرانەی مارتن هایدگەر بوو، کە لە ڕەتکردنەوەی ڕوانگەی (بەرهەستخوازانەی) هۆسرەڵ بوو، لەبەر ئەوەی هۆسرەڵ چەقی تێڕوانینەکەی لەسەر دیاردەناسی ڕۆنابوو، تەنیا لەسەر ڕۆڵی بنیادی وەرگر لە فامکردن و وەرگرتنی دیاردەکاندا "تا ئەو شوێنەی لە ئێمەوە دیارن" پێی داگرت، بەڵام هایدگەر بە لێکدانی دیاردەناسی و ئۆنتۆلۆژی هەرچەشنە عەینییەت و بەرهەست بوونی ڕەت کردەوە و پێداگری لە "دازاین"، یان "لەوێندەرێ بوون" کرد: بەم پێیە لای هایدگەر هۆشیاری ئێمە شتەکانی جیهان ئەوپەڕهاوێژی (projection) دەکات(٢١) و بەپێی ئەوەش کە خۆی لەخۆیدا لە ناو جیهاندایە، پەیڕەوی یاسا و نۆرمەکانی جیهانە، ئێمە خۆمان تووڕدراو(Geworfenheit/ thrownness) لە جیهاندا دەبینینەوە، لە کات و ساتێکدا کە ئێمە بژاردەمان نەکردووە، بەڵام تا ئەو شوێنەی کە زەینی ئێمە ئەوپەڕهاوێژیی دەکات، دنیای ئێمەیە.

پێداگری و سووربوونی هایدگەر لەسەر بوون لە جیهان بەو شێوەیە لەقەوارەی چەمکی دازاین (dasein) کە بۆ سووژەیەکی ئۆنتۆلۆژیکی دەباتە کار دیارە. لێرەدا و لەڕووی پێکهاتی زمانەوە ئێمە لەگەڵ ئاوەڵکردارێک ڕوو بەڕووین تا بکەرێک، ئاوەڵکردارێک کە ڕۆڵی بکەر دەگێڕێت، واتە "لەجیهاندا بوون/گ"ێک، کەواتە دازاین ئاوەڵکردارێکە کە دواتر ئێمە باسی خۆمان بە ئەوپەڕهاوێژی جیهان دەگێڕینەوە و دەبین بە "بکەر"ی، بەڵام سەرەتا ئێمە لەوێین، لەناو جیهانین، پاشان دەیهاوێژینە ناو زمان و خانەی بوو و تۆپۆس(Topos). ئەمەیە کە لای هایدگەر چڕترین دەرکەوتەی بوون لە زمانی شیعردایە. ئەم هاوکێشەیە بۆ دەقێکیش هەروایە ئێمە(دانەر) لەوێندەرێ بوونمان لەناو دەقێکدا بەدیار خستووە و لە پرۆسێسی بوونمان (خوێنەر-وەرگر) "لەمێندەرێ" دەق بەپێی پێگەی هۆشیاری و مێژوویی و خۆمان دەخوێنینەوە، دەق دیسان ئەوپەڕهاوێژی، یان "دی"هاوێژی دەبێت و لەپێگەی ئۆنتۆلۆژیکدا دالی وجوودی بەردەوام کراوەیە. وەرگر دەشێت خاوەنی میتود بێت، کە خۆشی ئاگای لە هەندێک لە توخمەکانی نەبێت، بۆیە دەکرێ خوێنەر وەک نڤیسکاری دووبارەی دەق لە پلەیەکی تری ئۆنتۆلۆژیک ببینرێتەوە. کاتێک دەقێک دەخوێنینەوە بە پێی ناوەرۆکی شوناسمەندانە

(identity theme)ی خۆمان دایدەڕێژینەوە، بەرهەمی ئەدەبی بۆ هێمایین کردنی شوناسی خۆمان دەشکێنین و دایدەڕێژینەوە(٢٢). ڕەگوڕیشە فەلسەبییەکانی مەرگی دانەر لێرەوەڕان، مەرگی سووژە و سووژەی ماشینی و کۆچەریانەش لێرەدان، خوێنەر مەکینەی بەرهەمهێنانی ئارەزووە (desire)(٢٣) ئارەزووی ژیان، مەرگ، زەمان، ئارەزووی ئارەزوو، ئەو شتەی کە تاریکە وەک دۆزەخ و هاوتایە بە ناهۆشیار"بوون"مان لە جیهاندا.

من وەک خوێنەرێک کە لێرە تووڕدراوم بە دوای نەیزەکدا دەگەڕێم، بە ڕوحی ڕۆژهەڵاتییانەی خۆم، بۆیە کاری من لەم هایکۆیەی "باشۆ"دا دەبینرێتەوە:

**چەندە ستایشئەنگێزە**
**کەسێک کە وا بیرناکاتەوە: (ژیان ناجێگیرە)**
**کاتێک کە نەیزەکێک دەبینێت!**

**چەقدر تحسین برانگیز است**
**کسی کە فکر نمی کند: «زندگی ناپایدار است»**
**وقتی اذرخشی می بیند!**(٢٤)

شتێک کە لە نێوان ئەم هایکۆیەدا هەیە چەشنێک لە دڵەڕاوکێیە، جۆرێک لە ترس، کە دەزانێت جیهان ناجێگیرە (زەینی ناهۆشیار)، بەڵام نەیزەک (زەینی هۆشیار) وەک نیشانەیەکی درەوشاوە پێی دەڵێ هیوادار بە، ئەمە هەر هەمان لۆگۆسەنتریسمی دریداییە کە ئێمە بەمەبەستی داسەکنان و هەستی دڵنیایی لە بوون هەرچییەک دەکەین لە پێناو گەڕان و دۆزینەوەی سەنتەر و ناوەندێکی لۆژیکی کە دەتوانین لە پێکهاتیدا دانیشین، یان بیشکێنین! کەواتە وەک (بارت)ی پاش پێکهاتەخواز دەڵێ: نیشانە شکستێکە کە هەرگیز جگە لەسەر ڕوخساری نیشانەی تر نانیشێتەوە.(٢٥)

بۆیە من هێشتا هیوادارم!

**کڕاکە وەک خوازەیەک بۆ نەستی کۆیی بەرەی نوێخوازتر**

کڕاکە دووەم دەفتەرە شیعری ڕەزا عەلیپوور بە بەراورد لەگەڵ دەفتەری"قاڵییەک دەناسم لەهەرچی گوڵیەتی ماندووە" لەپێگەی ناوی دەفتەردا خوازەیە، واتە کڕاکە میتافۆرێکە چوون چەندان ئارەزوو لە یەک نیشانەدا چڕ بوونەتەوە (condensation) و قاڵییەک دەناسم، مەجازە چونکە یەک ئارەزوو لە چەندان نیشانەدا دەرکەوتووە و جێگەی ئەو ئارەزووەی گرتووە (displacement)(٢٦) چڕبوونەوە و جێگرتنەوە دوو میکانیزمی سەرەکین کە ژاک لاکان لە فرۆیدی وەرگرتووە و بۆ زیاتر ناسینی پرۆسێسی ناهۆشیاری کەڵکی لێ وەرگرتوون و ئەم تێگەیەی لاکان بەرەو ئەوێ دەیبات کە «ناهۆشیار حوکمی هەموو فاکتەرەکانی بوونی مرۆڤ دەکات و بنیادێکی زمانیی هەیە». کڕاکە دەربڕینێکی زمانی بۆ چڕبوونەوەی ئارەزوویەکە کە ئەگەر دەقی کتێبەکە لەبەرچاو بگرین دەشێت وەک ئارەزوویەکی کۆیی بەرەیەک بیناسینەوە کە لە سەودای گێڕانەوە و خۆدەرخستن و بەنیشانەکردنی ئەو "ئارەزووە" دان، ئەمە ئەگەر ناوی دووەمی کڕاکە بێنین، دەبێت بە چەندان نیشانە"زامورا یاکومبی زانگاریتا" کە "من" تەنیا لەڕۆچنە و بەهۆی نیشانەی"کڕاکە"وە دەیناسم، واتە بۆ من هێشتا میتافۆرە. کڕاکە میتافۆرە لە ئازارێک، ئارەزوویەکی سادومازوخیستی، کە هەم خود تێیدا بوونی هەیە و هەمیش نا"خود"، خودێک کە لە لایەن نەست و زەینی ناهۆشیارەوە "بوون" و "هەبوون"ی دیاری دەکرێت، فرۆید هیوادار بوو بتوانێت لە ڕێگەی هێنانی ناوەڕۆکی ناهۆشیارییەوە بۆ ناو هۆشیاری بتوانێت چەپاندن و زەخت و ئازاری دەروونی کەم کاتەوە و ئەو وتە بەناوبانگەی لەبارەی پێوەندی نێوان نەست (زەینی ناهۆشیار) و هۆشیاری ڕاگەیاند –Wo Es war, soll Ich warden– ئەوە لەکوێ بوو، خۆزگە من لەوێ دەبووم. (Where it was shall I be) بە دەربڕینێکی دیکە نا هۆشیاری، یان نەست Id جێگەکەی بە "خود"پڕ دەکرێتەوە(٢٧)، بۆیە دەشێت بگوترێت کڕاکە ئارەزوویەکە کە خود دەیەوێت وەک "من"ی ناهۆشیار بیگێڕێتەوە، ئارەزووی ئارەزووەکانە، ئارەزووی گێڕانەوەی کارەساتی "خود"ێکی لەت لەت بووگ و سەیال، دالێکی بازنەیی و سەرگەردان، لە نێوان دوو پێرسۆنای سەرەکی سەنەم و حەسەندا. لای لاکان گواستنەوەی ناوەڕۆکی ناهۆشیار بۆ هۆشیار(عەقڵ) کارێکی نەکردەیە و تەنیا وەهمێکە، بۆیە دالەکان و سیستمی دەلالەتی هەناوی کڕاکە لەدواجاردا گەڕانەوەن بۆ نەست و جیهانی ناهۆشیار، واتە ئەگەر لە سۆنگەی لاکانەوە بنیادی ناهۆشیار وەک بنیادی زمان بزانین ئەوە لە کڕاکە ڕەوایەتی ئەم وەهمە لە بەشی دووەم و گێڕانەوەی پێرسۆنای حەسەندا بە ڕوونی کراوە، یان بە تاریکی!

**ئاه حەسەن کەس تۆ ناناسێ هاوڕێ**
**ویدەچێ تۆ نەبووی،**
**خەونێک بووی**
**لەم شیعرەدا ئەتبینی.** ل٥١

ئەمە ئەگەر کڕاکە تەنیا وەک کۆمەڵێک نیشانەی نووسراو نەبینین و نیشانە نیگار کراوەکانیش

بخوێنینەوە، ئەم تایبەتمەندییەی سەرەوەش کە تیشکم خستە سەری لە وێنەی سەر بەرگەکەیشی خراوەتە ڕوو کە کاری هونەرمەند (باسم ڕەسام)ە. وێنەی سەر بەرگەکە کە من ئێستە دەمەوێت بیکەم بە نیشانەی نووسراوەیی و بە وشە بیخەملێنم وێناکەری: کۆمەڵێک ڕوخسار و چاو و ڕەنگ و دەنگ و حوزن و شین و ڕەشایی کە وەک مرۆڤی بەرفی خرت و خۆڵ دەنوێنێت، مرۆڤێک گیرخواردوو لە هەناو و چەقی کۆمەڵێک دووکەڵ و تاریکی و ڕەنگاڵەیی"بوون" دا، ئەم نیگار و وێنەیە کە پێکهاتێکی خڕۆک و خرتەڵە لە سەروو خواری سەر و لەشی مرۆڤێکی مەسخبووگ (metamorphosis)مان بۆ وێنا دەکەن کە بە "دەق"ی پەراوێزێکی ڕەشدا دەکشێت و دەکشێت تا دەگاتە پشت بەرگی دەفتەرەکە لەوێ وێنەکە خڕتر و بچووکتر و قووڵتر و نەناسیاوتر دەمێنێتەوە، ڕێک وەک تراژیدی، ڕێک وەک گۆی زەوی کە تەمێک لە خوێن دەوری گرتووە، ڕێک وەک کڕاکە، کە سەنەمی خوێناوی و حەسەنی هاوڕێ واقیعی ئارەزوون و ئارەزووی واقیعن، خوێن حکوومەت دەکات! ئەمە هەمووی کارەسات و ڕەنجی خودی بەرەیەکە، ئارەزووەکانی بەرەیەک کە بەهۆی چەپاندن و سەرکوت:

**بەبێ برین خینێ دەڕێژن**

**بەبێ مردن، ڕوحێ دەسپێرن ٢٨**

بۆیە کڕاکە خوازەیەکی تایبەتە هەم ناوی ماددەیەکی هۆشبەرە کە لە ڕێبازی عیرفانی سووڕیێستەکان بەکاردەچێت و هەم بەرئەنجامی دامان و گیرخواردنی زەینی هۆشیار و عەقڵە لەهەمبەر جیهانێک کە ئێمە تێیدا دەژین، جیهانێک کە میتافیزیک هەم زیندووە و هەم مردوو! جیهانێک کە عەشق هەم کوژراوە و هەم زیندوو! جیهانێک کە پڕ لەمانایە و بێ مانایە! جیهانێک کە پڕە لە نیشتمان و بەتاڵیشە لەهەرچی نیشتمان! لێرەوەیە کە کڕاکە ئاماژەیە بە کورتهێنانی عەقڵ و زەینی هۆشیار و ئیرادەی عەقڵانی و پەنا بردنە بۆ قووڵایی دۆزەخێک بە ناوی ناهۆشیار، وەک فرۆید دەڵێت دۆزەخێکی تاریک!، پەنابردنە بۆ ئەوێ و هەڵهاتنە لە خەونی درۆزنانەی زەمین و بەهەشتە وادەدراوەکەی و واقیعە بەرزەخییەکەی، کڕاکە ئەکت و کردەیەکی تووڕە و لەناکاوی نەستە لە هەمبەر "بوون" لە جیهانی داڕماوی ئێمەدا، جیهانێک کە نیتشەی تێدا بە جلی کوردییەوە(٢٩) سروودی کۆیلەیی دەڵێتەوە، سترانی خەمۆکی، بۆیە:

**ها لێدە جگەرەی دیکە**

**ڕەگی دیکە و مەنگی دیکە و بەنگی دیکە ها**

**سەگی دیکە و هەوای هار**

**ها لێدە ڕەنگی دی خەتی دی تا دەچیتە خۆتێکی تر.**

ل١٨

هەر لە درێژەی ئەو دێڕانەدا کایە بە چەند نیشانەی نووسراوەیی، واتە چەند وشە و پیت دەکرێ وەک بڵێی زوهوورێکی پاش بخوور خواردن لەئارادایە، ڕابوونێکی نەست لە ڕۆچنەی هەست و زەینی هۆشیارەوە:

**ها لێ دە**

**«های» بە «های»**

**تاکوو «هات»**

**دێت!**

**«پێش ئەوەی هیچ بکەی بووی» دەڵێیتەوە.**ل١٨

"ها لێ دە"ی ئێرە لەگەڵ "ها لێدە"ی دێڕەکانی پێشوو جیاوازی هەیە، هەم وەک نیشانە و هەم وەک پەیام، وەک دەبینین لە شوێنێک بەسەریەکەوە نووسراوە و لەشوێنێک جودا لەیەک، واتە ها"لێ"، "دە"ی لێ شین بووە، پاش ئەمە "ها"یەکان دەبنە ئاواز و سەنەم داوەت دەکرێت کە بیانڵێیتەوە، بەڵکو "هات" بگات. ئایا هات تەنیا نیشانەیەکی نووسراوەییە بۆ کایەیەکی زمانی ناو دەق، یان ئاماژەیە بە گەڕانەوەی "هات" و بەخت؟ بۆ گەڕان بە دوای "ناوەڵام"ی ئەم پرسیارە و دۆزینەوەی پرسیاری تر ئەم ئاوازە دەبێ هەڵکۆڵین:

**تاکوو «هات»**

**دێت!**

**«پێش ئەوەی هیچ بکەی بووی» دەڵێیتەوە.**ل١٨

ئەوە دەروازەیەکی گشتی بوو بۆ چوونە ناو دەقی "کڕاکە.

## پێکهاتی دووکەڵ و "با"

لە ڕووی پێکهاتەوە کڕاکە پێکهاتێکی دژەخودی(٣٠) هەیە، واتە پێکهاتێکی هەیە کە بەردەوام هەوڵی تێکشکاندن و خۆسڕینەوەی هەیە، ئەمەش بە واتا لاکانییەکەی هەر هەمان بنیادی زەینی ناهۆشیارە کە لە زماندا چڕدەبێتەوە و لەگەڵ زەینی هۆشیار لە قەوارەی زماندا دەستەویەخە دەبێت، بەڵام لە کۆی پێکهاتەکەدا ڕەگەزگەلێکی ڕەوایەتی و گێڕانەوەیی بەدی دەکرێت کە هەوڵێتی پێکهاتێکی دووکەڵاوی و نادیاری، واتە ناجێگری هەبێت. پێکهاتەکە دەشێت بەسەر دوو بەشی گشتیدا دابەش بکرێن، بەشی یەکەم کە گێڕانەوەی ڕووداوەکانە بە ناوەندێتی پێرسۆنای سەنەمە تا لاپەڕەی ٤٠، واتە سەرەتای گێڕانەوەیەکی خەون ئامێز لە جیهان و ڕووداوەکانی پێرسۆنای حەسەن. بەشی یەکەمی

پێکهـات بە چەندان فۆرم و فیگۆر و شێوازی داڕشتن و کایە بە دەلالەت و وشە و فەزایەکی پۆلی فۆنیک هەوڵی ڕابوون لەدژی قەوارەی خۆی دەدات، بە گشتی ئەگەر پێکهـات بەچوارچێوەیەک بۆ پێناسەکردنێکی زانستییانەی کۆد و یاسا و هەموو جووڵە و کردەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتووری مرۆڤ بزانین ئەوە ئەم دەقە دژەپێکهاتە، لەبیرمان نەچێت کە پێکهاتەخوازی ڕوحی خۆی لەو ڕوانگە زانستی و ماتماتیکتەوەرانەی بیردۆزانی ڕووس وەرگرت کە ویستیان بە خەون و داڵغەیەکی ژمارەیی و بیرکارییانە جیهان ڕاڤە و تەفسیر بکەن، ئەم فەزایە لە دەقی کراکەدا هیچ جێگەیەکی نییە. پێکهاتی بەشی یەکەم، واتە ئەو بەشەی کە سەنەم و ڕووداوەکان و جانتاکەی تێدا ڕۆڵ دەگێڕن بە چەندان کەوانە و چەندان دیالۆگ و چەندان دەربڕینی بۆڵدکراو و ناوبڕی زەق کراو وەک "بێ خەیاڵ" و "نا" شکێنراون، بۆیە لای من فۆرم دەشێت ئەم ئەرکەی شکاندن بە دروستی و هێمنی و بەشێوەی گونجاو و شیاو ئەنجام بدات.

**تۆ چ غەمگینی وەک لە حەلەب یارت هەبێ**
**قاسیدێکی بەمتمانەت لەقەندەهار**
**– بەم کوێستانە لەعنەتییە –**
**دەست نەکەوێ**
**درێژە بە جوانییەکەت**
**بەو بارا بدە**

ئەم دێڕانەی دەسپێکی کراکە بە جێناوی"تۆ" دەست پێدەکەن، تۆیەک کە لە درێژەدا بەم خیتابە و بەو داخوازەی ناو دێڕ و ڕستەکان دێتە دوو، ئەمە ئەو شتەیە کە گێرالد پرینس(Gerald prince) پێی دەڵێ بەردەنگ، یان موخاتەبی گێڕانەوە(٣١)(narrate)، بەردەنگی گێڕانەوە نابێت لەگەڵ خوێنەردا تێکەڵ بکەین، ئێمە لە ڕێگەی قاوکردن و خیتابکردنی بەردەنگی ناو گێڕانەوە شتێک دەڵێین کە جۆرێکە لە تەئکید و بەچەقکردنی کەسێک لە قەوارەی هەندێک ڕستەدا. "تۆ" لێرەدا ئاماژەیەکە بۆ بەرئاماژەیەک کە دەشێت ئێمە دواجار وەک سەنەم بیناسین، بەڵام پرسیار ئەمەیە: ئایا ئەم "تۆ"یە سەنەمە؟"من" دەڵێم هەم سەنەمە هەم نا!

یەکەم وشەی دەسپێکی کراکە"تۆ"یە، کە ئەمەش گرنگی ڕۆڵ و پێگەی سەنەم، یان لە پلەی "تۆ" زەق دەکاتەوە دەشێت بگوترێت سەرەتا وشە بوو، یان سەرەتا "تۆ" بوو، یان تر سەرەتا "سەنەم" بوو، بۆیە "تۆ" دەڵێ:

**: ڕاست دەکەی**
**ڕێک ڕەنگێکی شەرمێونم**
**لار ئیمزایەکی گۆشەگیر**
**لە پەنجەی نەقاشێکی بتکارەدا.**ل٧

ئەمە ئەگەر سەنەم، یان "تۆ" بێت کە وا وەڵام دەداتەوە سەرەتای کرانەوەی باسی تراژیدیا و کارەساتی"جوانییە"، کە سەنەمیش خۆی دانی پێدادەنێ لە فۆرمێکیتر و بە ئیستێتیکای تر، حەلەب شوێنی نەمان و نابوودی.. قەندەهار جێگەی دوورەدەست، بەڵام بەم هەمووەش لەو کوێستانە لەعنەتییە قاسیدێکی بەمتمانە دەست ناکەوێت کە مەوداکان ببڕێت، بۆیە دەبێت "درێژە بە جوانییەکەت بەو بارا بدە"ی. وەڵامی بەردەنگی گێڕانەوە لێرە بە ئیستێتیکای ژنانەوەیە و هێشتا ڕەنگی تراژیدیای پێوە دیار نییە، بۆیە زۆرتر باسی لایەنی جوانی هونەری لە شێوەی "بوون"ی خۆی دەکات، ڕەنگێکی شەرمێون و کاڵ، ئیمزایەکی گۆشەگیر و جوان، لەپەنجەی نەقاشێکی بتکارەدا، بەم پێیانە "تۆ"، یان سەنەم دەشێت لەم دێڕانەدا تەنیا خاڵ و نیگارێک بێت، نیگارێکی ئەڵقەیی و ئەنگوستیلەیی لە پەنجەی نەقاش و داهێنەر، یان دانەر، یان خودایەکی بتساز و بت تەوەردا، لێرە نیگار و نەخشین و خاڵبوون ئیستێتیکای بوونێکی چێژاوییە، کەشفی بوونە، بەڵام هێشتا چاو نەکراوەتەوە و هەبوونی ئەم بوونە بە ڕێڕەوی ڕووداوەکاندا نەڕۆیشتووە، بۆیە لە درێژەدا تەنیا وەسفێک بە باڵای"تۆ" دەبیستین بۆ ئەوەی بڕێک "خۆ/خود" ی بۆ ڕوون ببێتەوە:

**هەوا لۆچە و پێستت ئاوتر**
**پرچت فۆرمی قەسیدەیە و**
**بۆ خوێندنەوەی**
**لێوم چاوتر.**

لە درێژەدا یەکەم زەنگی واقیعی تراژیدی بە هێمنییەکی توندئاژۆ (لەچاو بەش و دێڕەکانی تر کە لە درێژەدا دێمە سەری) بە گوێی "تۆ"دا دەدرێت، بۆیە دەڵێم هێمن، چونکە بەشێکی ئەم دێڕانە هەر هەمان ڕستە سەرەتاییەکانن کە "تۆ"ی پێ خیتاب کرا و بەشی تری تازەیە و توند و لەناکاو:

**تۆ چ غەمگینی وەک لە حەلەب یارت هەبێ**
**لە سەمەرقەند**
**–پڕ بە قەدیم–**
**کوژرابێتی.** ل٨

ئایا ئەمە خەونە کە وەگێڕ(ڕاوی) بە گوێی"تۆ"دا دەیچپێنێت؟ زەنگی هۆشدار و وریاکردنەوەیە؟ یان "شت"(٣٢) و ڕووداوێکە کە گێڕەرەوە زانیویەتی و

هێشتا سەنەم و "تۆ" بەهۆی خەرمانەی ستایش و پەرستشی پیرەوانی جوانیی و بتپەرەستانی زاهیریدا نەیزانیوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لە بەشی (٢)ی پێکهاتی یەکەمدا دەبینرێتەوە. ئەوەی وا لە درێژەدا و لە کۆتایی بەشی یەکەمدا دێت لە ناوی کەوانەیە کە روون نییە ئەم لەبەرخۆقسەکردنە هی کام لایە، گێرەرەوە، یان تۆ؟ ئایا دەکرێت فایلی تر بکەینەوە و بپرسین مابەینی زەینی هۆشیار و ناهۆشیار، واتە نیوە هۆشیارییە؟ یان زەینی ناهۆشیارە و "زمان" هۆشیاری وای داڕشتووە؟

**سەر لە کوێی جادەدا هەڵگرم؟**
**شەو نەبێ**
**ڕێ لە کێی«لادە»دا دابڕم؟**
**ئەو نەبێ**
**خۆم بەردی کاول و عەسەبی و کەنارم**
**دووکەڵی هیستری و جێماوی قەتارم**
**ئاوێکم ئاوێکی سانسۆری و سێ نوختە،**
**ئاوی چی؟**
**نوختەش نیم**

ئایا لەم دێڕانەدا وەگێڕ ئارەزوو و حەزێک دەگێڕێتەوە کە کارەساتی "تۆ"، یان سەنەم فەرامۆش کات؟ ئایا بینینەوەی سەنەم لەو دۆخە تراژیدیایە وای لێ ناکات ببێ بە دووکەڵی هیستری و جێماوی قەتار، ئاوێکی سانسۆری و سێ نوختە، نوختەش نیم؟ چیم؟ نوختە!

**بەشی (٢)**

سەرەتای ئەم بەشە بۆمان دەردەخات کە وەگێڕ گەیشتووەتە هۆشیارییەک کە لای سەنەم- "تۆ" غایبە و دەیەوێ لەو تراژیدیایە کە تێیدایە بەئاگای بکاتەوە، هەوڵێک بۆ هۆشیار کردنەوەی ناهۆشیار، ڕەخنەکردنی ئارەزوو.

**بروانە**
**بروانە چۆن کاشییەکانی میوانی و لاسکە گەنمەکانی ڕشاوە دەکەی**
**بروانە چۆن میز دەڕشێیتەوە و شێ...ل٩**

لەدرێژەی ئەم زەنگزڕان و هۆشیارکردنەوەدا واقیعی دۆخی سەنەم دەگێڕێتەوە، واقیعێک کە بە ناو کۆمەڵێک شوێن و شتومەکدا تێدەپەڕێت، حەمام و ئاودەست و جگەرە و مۆبایل، کە هەم نیشانەگەلی شوێن و شتومەکیانە بوونی سەنەمن و هەم ئاماژەشە بۆ ناهۆشیاری و بەنگئاوی بوونی سەنەم.

**سەنەم**
**بۆنی شیلەی پیاو**
**دەدەی**

**هێشتا بۆنی تەخت و موبلە جلفەکان**

لێرەدا دوو توخمی ناو سروشت و توخمێکی میتافیزیکی ناتوانن سەنەم لەم کارەساتەی کە تێیدایە خاوێن بکەن و دەریبهێنن، چونکە چواردەوری-پاش و پێش و دەم نا، بەڵکو وەسەت ل٢٢- سەنەم بە بازرگان و کارمەند و دەمپاکانەوە گیراوە:

**توندتر بشۆ توند**
**ئاو نایبا**
**جێ زمانی کارمەندی بیمە و تەمەنە ترسنۆکەکەی**
**لەسەر ناوت**
**لەسەر ناوکت**
**بسوو**
**بسوو**
**هەوا نایبا**
**بۆدڕکی بازرگانی بەرزایی...**
**خودا نایبا**
**ژەنگاوی مودیری ئیدارەی دەمپاکی...ل١١**

سەنەم بەناو کۆمەڵێک رووداوی کارەساتبار و تراژیکدا تێدەپەڕێت، سەنەم توندتر دەکەوێ

**بوب**
**و ...**
**خێراتر دەکەوێ**
**تەپ**

بۆیە وەگێڕ لە هۆشیاربوونەوە و هۆشیارکردنەوە واز ناهێنێ:

**هەستە کە بە کەوتوویی هاتووی بۆ میوانی و...**
**بەشیددەت خۆتێکی ناوەڕاست...**
**تامی کوڕێک دەدەی لات وایە لەتامت کردبوو**
**نا، تۆ بۆنی کاول دەدەی؛ بنمیچەکانی منداڵیت خانە خەراب**
**تاکو خۆت مەوازی بژمێرە**

لەدرێژەی ئەم بەشەدا وەگێڕ بە جێناوی کۆی "ئێمە" باسی "خود" دەکات:

**(ئێمە جوانییەکانی تۆ دەگوشین لە ژێر ڕیزی ددانەکانمانا**
**ئێمە ناسکی تۆ لەبەینی ڕانمانا کە پڕن لە بەرازی نوستوو...)**

لە درێژەی ئەم بەشەدایە کە سەنەم، یان "تۆ" دێتە دەنگ و بە لەحنێکی تەوساوی و ئایرۆنییەوە وەگێڕ دەکاتە بەردەنگ:

**«جەناب کە نەشئەی ئاو لە گەروودا پیادە دەکەی**
**ئەم قەڵافەتە هیچ خۆیشم هەڵنەم...**

**بێ زەحمەت تۆ، ئێمە زیادەین!»**

لێرەدایە کە "تۆ" لە ئاراستەی جێناوێکی زمانی دیار بۆ بەردەنگێکی زەمانی هەنوکە دەردەچێت و دەبێتە قاوکردن و خیتابێک بۆ وەگێڕ، کە ئاماژەیە بە توانستی وەگێڕان و مافێکی کڕاکە بوونی "تۆ"ی یەکەم و سەرەتای کڕاکە کە بۆ خۆی قایلە، ئەم دۆخ و فەزا دیالۆگی و چەند دەنگ و بزۆزە دەڕوات تاکو بێ خەیاڵ!

**بێ خەیاڵ!**

لێرە بەدواوە ئاراستەی زمان و باسی وەگێڕ شێواز و فیگۆرێکی فەلسەفی دەگرێتە خۆی کە بە تێم و ناوەڕۆکێکی دەروونناسانە پاراو دەکرێت:

**بیوورن**

**دایکت زانی**

**باوکت نازانێ**

لەم دێڕانەدا پارۆدی و لەهەمان کاتدا تەلمیح و ئاماژەیەکی مێژوویی-ئەدەبی هەیە، پارۆدییە، چونکە شیعرێکی ناوداری حاجی قادری کۆیی کە بوون و لەدایکبوونی مرۆڤ پێ بەست دەکات بە توخمێکی ناسیۆنالیستیانەی زمان بەشێوەی تەوساوی و ئایرۆنی ڕەخنە دەکات و ڕەتی دەکاتەوە، حاجی لای وایە هەر کەس بە زمانی دایکی خۆی نەیتوانی قسە بکات، ئەوە دەبێ لە دایکی بپرسێ ئەو منداڵەی لەکوێ هێناوە و پێدەچێت هی ئەو باوکە کوردە نەبێت و ئەو منداڵە زۆڵ بێت، وەک دیارە ئەمە تێڕوانینێکی بەرتەسک و لە "کوولوولا" زۆر "سیکە" بۆ ئەمڕۆی ئێمە وەک گیاندارانێکی زمانەوەر، هەر بۆیەشە کە وەگێڕ لە درێژەدا و بە نەوایەکی تەقدیریانە و جەبرییانە دەڵێت:

**تۆ بەر لەوەی ببی بوویت بەگۆچانەوە لەدایک بوویت بەکوتوویی وەک هاوڕێکانت کە جیهان بە کەوتووخانە دەزانن**

**فەیلەسووفانی ئێوە کەوتوون و کەوتووناس.**ل١٤

بۆیە لە درێژەدا و لە ناو کەوانەدا و خیتاب بە سەنەم قەدەری "وازانراو" وەها باس دەکرێت:

**(ئەی سەنەم**

**ئەی بەردی داکەوتوو بە سەختا**

**ئەی ئاوی ڕاکشاو بەتونددا**

**...هیچاوهیچ)**

**هەر بە هۆی...ئەم هۆ حەزین و هۆکارە وجوودییە جەبراوییەیە کە:**

**تۆ ئێستە کڕاکەت، قیرەتاو ڕادەکەی**

**مەغزی خۆی قاڵوقاڵ خیابان بقریشکێ**

دیارە خیابان ڕادەکات و قیرەتاو دەقریشکێ و بە پێچەوانەشە، ئەمە کایەیەکی زمانی "جوان"ـە کە سیستمی دەلالەتکردن جوان و بزۆز دەکەن. درێژەی دێڕەکانی تر باسی سۆزانی بوونی سەنەمە، باسی جلّف بوون و "مۆدناک" بوونی وجوود و لایەنی کۆمەڵایەتی و کولتووری جوانبازانە، جانتا و کرێم و کلینێکس، دوو ماتیک-بۆ مۆد و مەبادا- حەبی LDیش حکایتها دارد اگر غم نان بگذارد! بۆیە سەنەم:

نامەیەک شێنەکی

**«بۆ خواگیان،**

**یان جێگرە سێ نوقتەکەی»**

**-نازانی لە کوردی تێناگا-**

لێرەش ئاماژەیە بە شیعرێکی شێرکۆ بێکەس کە بۆ تراژیدیای هەڵەبجە نووسیویەتی، لەو شیعرەدا شاعیر دوای سووتانی هەڵەبجە نامەیەک بۆ خودا دەنووسێ و دەگاتە دەستی جێگرێکی خودا و ئەویش لەهەمبەر کارەساتێکی مرۆیی کۆیی دەڵێ: گەوجە لێرە کەس کوردی نازانێ، بە عەرەبی بینووسە، دیارە لەم دێڕە پارۆدییەی کڕاکەدا بۆ ئەو شیعرەی بێکەس ڕەخنەکردنێک هەیە و کردنەوەی ڕەهەندێکی تاکەکەسی و سەنەمییانە بەڕووی فامی کارەسات بۆ لای خودا لە ئاست کارەساتێکی کۆییتر بەناوی هەڵەبجە... هەڵبەت لە هەردوو کارەساتەکەدا کارەساتی ڕاستەقینە ئەوەیە کە لەوێندەرێ کەس کوردی نازانێت و دەبێ بە عەرەبی بنووسرێت! سبحان الله... نصر من الله و فتح قریب...!

ئەگەر بڕیار بێت هەموو سووچ و کونوقوژبنەکانی کڕاکە هەڵکۆڵم و بۆ خۆم دایڕێژمەوە و بینووسمەوە دەشێت ببێت بە کورتە ڕۆمانێک بە ستایلی سوورریالی، بۆیە من ناپەرژێمە سەر هەموو لایەنی مانایی و پێکهاتی و فۆرمیک و دەرفەتی ئەوەش نییە وشە بە وشە لێک بدرێتەوە و لێرەیە تێدەگەین کە خوێندنەوە و نووسینەوەی هەر دەقێک جۆرێکی تر لە دانان و نڤیساندنی پێویستە، کەواتە هەر خوێندنەوەیەک ئیرادە و ئارەزوویەکی قووڵە بۆ نووسین و نووسینەوە.

هەر لەم بەشەی پێکهاتی یەکەمدا دەخوێنینەوە:

**نازانێ بوون غەمگینە**

**نازانێ هەوا ناشادە هەمیشە**

**بڵێ کچێ تۆ شیعری، شیعرییەتی چەتیو**

**شیعرێکی تێکشکاو...**

**و هەروەها:**

**ئەمما تۆ سەنەم تۆ**

**تۆ فەیلەسووفی پێستی خۆت بە؛**

**پێت وابێ ئەندامت ژارێک و بارێکی ئیزافەن...**
**هەوا لۆچە و پێستت غوبار**
**خوێنت فەرقە و خەڵتانی شار...**
**گێڕانەوەی دووبارەی جەبر و قەدەر:**
**ئەی بەردی چوارمشقی لە خۆتا ئەم زەوییە خەتایە**
**ئەی ئاوی بەریشت لەخەڵکا ئەم هەڵە هەتایە** ل٢١

لە پێکهاتی یەکەمی ئەم دەفتەرەدا کایە بە کۆمەڵێک لە ڕەگەز و ڕۆڵە زمانی و ڕێزمانییەکان دەکرێت، زەقکردنەوەی جێناو و بەچەقدانانی ئاوەڵکرداری زەمانی وەک "تا هەتا". "هەر". ل١٤. دەرنایەم "تاکو تا" ل١٥. فەرق ناکا لە حاشیەی "حەتایەک" ل١٤، کە لە شوێنێک لە ڕستەدا هەڵدەکەون سیستمی دەلالەت بە تەواوەتی دەشێوێنن.

**هیق بکەوە سەنەم**
**خۆرێکی نێر کە خزاوەتە ناو سکتەوە...هیق بکەوە**
**سەنەم باوەڕی بە هیق نییە بۆیە "جەناب" دەڵێ:**
**ڕۆژێک دادێ**
**بانگ بکەی هۆ جەناب**
**کە مەودای ماتیکەکان مەوازی بژی...بانگ بکەی!**
**هۆ جەناب وەرە وەرە هیقت بکەمەوە!**

ئەپیزۆدی سێی پێکهاتی یەکەم بەتەواوەتی کەشوهەوایەکی ئیلاهیاتی و ئاسمانی هەیە و دەشێت لایەنی تیۆلۆژیک و میتافیزیکی کراکە لەم بەشە و لەقەوارەی ڕستێک وشەی تێکەڵوپێکەڵی کوردی - عەرەبی بخرێتە ڕوو، جوانی ئەم بەشە بۆ ئەم مەبەستەشمان لێرەدایە کە یەکەم وشەی سەرەتای بەشەکە بە "خوا" دەست پێدەکات:

**خوانەخواسە، دەستەکانت هەمار نەکەی**
**ئەگەر بڵێم من بۆ غەمگین،**
**ئاسمان**
**باڵندەکانی پێ قورسە**

ئەم ئەپیزۆدە سەرتاپا جیاواز و جیایە لە هەموو بەشەکانی تری کراکە، لەم بەشەدا "زەمان" بەتەواوەتی غایبە و ئێمە لە دەرەزەمان و ئاسمانەکان سەفەر دەکەین، ئەم بەشە ئۆدیسەی تەواوی ڕوح و جەستەیە و بەتەواوەتی عارفانە و نازەمانانە دەژیت، بۆیەشە هایدگەر لە نامیلکەی چەمکی زەماندا دەڵێت: بۆ تێگەیشتن لە زەمان فەلسەفە کورتی دێنێت و تیۆلۆژی دەتوانێ ئەو ئەرکە باشتر ڕاپەڕێنێت(٣٣). جیاواز بوونی گێڕانەوە لەم بەشەدا لە کەوانەیەکدا بەڕوونی لە لایەن وەگێڕێکەوە خراوەتە ڕوو:

**(ئاوەڵناوی هیچم کەسی غایب منم**
**لەم شیعرەدا**
**فیعلی نوێ ئەبارێ و**
**ئاسمان ڕەق و زەوی شلۆک**
**دەشکێیتە جێناوێ نا-ڕەزا**
**ناگونجێی لەگەڵ خۆت**
**دێڕێکی لەگەڵ پیت جێناکۆک)**

ئایا ڕەزای شاعیر وەک دانەر ویستوویەتی نا-ڕەزابوونی خۆی، واتە غەیری ڕەزا بوونی خۆی وەک یەکێک لە ناوەکانی وەگێڕ لەم بەشەدا ڕەت بکاتەوە؟ بە چ مەبەستێک ئەمەی ویستووە؟ دەیەوێت گێڕانەوەکەی لە دەرەوەی زەمان و پیت و ڕستە و جێناو و فیعل بخاتە ڕوو؟ بۆچی ئاوەڵناوی هیچە، کەسی غایب؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە جیاواز و جۆراوجۆرن و لە وشە بە وشە و پیت بە پیتە سەیرەکانی ئەم بەشەدا دەتوانین شوێن پێیان بگرین، ئەگەر شوێن پێیان هەبێت و جێناکۆک و شوێناکۆک و ناڕەزا نەبن!

**وە ئەو بوو بناسێک خوداناس**
**کە دەڕۆیشت بەسەر بەحرەکانا پێ بە پێی سرکی با**
**خۆی تەنێ تەنیا**
**کەراماتی بایەوان...**
**وتیان دیبوویان لەو قالاوییە دا**
**...**
**بەڕ و بەحر،**
**یا ڕەبەلعالەمین بەرز و با دەگەڕا**
**فتأمل لە میزانی قەڵب و "هێشتا زووە"**ل٢٦ و ٢٧
و...

خێرایی گەڕانی بناس بە ڕادەیەک بووە کە دەبێ لە میزان و ئاستی خێرایی و سەرسوڕمانی! قەڵب ڕابمێنین و چاوەڕوان بین بزانین بەرزترین پلەی لێدانی کەی دەگات و دەبێ دڵنیا بین "هێشتا زووە"! چونکە ئەو قەڵبە دەشێت بە تەواوەتی بقەڵبێ، واتە لە بنەوەڕا ژێروڕوو بێت، قەڵبی دووەم لێرەدا بە واتای گۆڕانی تەواوەتی دێت کە تایبەتمەندی هەموو ئەم بەشەیە. ئەم بەشە "با"ئاوی و دەرەزەمان و نادیار و ناڕەزا و ناجێیە بۆیە:

**ئەیا یا ئەهلی با**
**...**
**وایەک دێت عەینەکی و پەککەوتە**
**ڕیزی ددانەکانی جووت دەکات و بەرەبەیانێکی نا سروشت،**
**شارێکی لە سینگیا لەبەرە، دیوارەکانی ئەوان هەوان، بیشکێنن!**

بۆیە مەسیح دەڵێت: "با" هەست پێدەکەین، لەهەندێ

حاڵەتدا دەیبینین، هەستمان پێدەکات، بەڵام کەسمان قەت نازانێ لە کوێوەڕا دێت!

**بەشی٤**

بەشی چواری پێکهاتی یەکەم لە درێژەی بەشی پێشوودا پەرچەکردارێک دەنوێنێت و یەکەم ڕستەکانی وەک چەشنێک هۆشیاری و ئاگا بوونەوەیە لە هەمبەر شتێک کە ناوی دین بێت، ڕێبازێک کە بناسێک بە ئاسمانەکاندا هێناویەتی:

**کتێب ئەیوت: دینیش بۆ خۆی دنیایەکە**.ل٣٠

ئەم بەشە وەک گەڕانەوەیە بۆ ناو فۆرمێکی تری تراژیدی و بە چەشنێک ڕەتکردنەوەی بەشی پێشووە، ئەم بەشە دیسان دێتەوە سەر زەمین و حەلەب و نیشتمان و خانمێکی ئەستێرە، تفەنگ و فیشەک و هەموو شتیک! باکو:

**دنیا کەمە و پێستت ئاوتر**

**پرچت فۆرمی قەسیدەیە و بۆ دیتنی چاوم چاوتر.** ل٣١

ئەم بەشە زەمینییەت و زەمانییەتە... تێکەڵبوونی "من" و "تۆ"یە لە "خۆتا"...:

**نوختەی چی؟لەخەتەوە دەستی پێکرد؛**

**دینێکیت بێ ئیمان، خەونێکی بێ بینران**

**خۆتەکان ڕادەکەی لە زەینما ناوەستی**

**نوختەی چی خەتێک هات...**

**پێی ئەڵێن، یان مانگە، یان هەتاو هەڵگرە لە کۆڵتا و بەرەو خۆت هەڕا کە.**

ئەگەرچی دیالۆگ و فەزای پۆلی فۆنیک ڕاشکاوانەتر و سوورتر لەم بەشە دەردەکەون، بەڵام تراژیدیا هەر بەردەوامە، هۆشیاری و ڕابوون لەم بەشەدا بە "نا!"یەک نیشان دەدرێت کە نیشانەی سەرسوڕمانی لەبەردەمە.

**دنیا کۆنی کردی**

**وەک کچ نا...**

**تۆ کەوتووی**

**تۆیان کەوتاندا**

**: نا!** ل٣٤

تراژیدیا بەردەوامە:

**دووکانی باڵندە فرۆشی لە کوێیە؟**

**- چیتان هەیە؟**

**خوێن و بەفر و ئەسپ و مەزرا،**

**-چیتان هەیە؟**

**خەون و هەور و پەیڤ و ئێرا،**

**- هەموو شتەکانیان بارکەن**

گێڕانەوەی پێرسۆنای سەنەم و جیهان و "بوون"ی لێرەدا و بەدەربڕینێکی ئایرۆنی کۆتایی پێدێت:

**(خوایە سوپاس وشەکانمان بەختەوەرن).**

: ل٤٠

پێکهاتی دووەم کە دەکاتە بەشی شەشەمی ئەم دەفتەرە، واتە ئەو بەشەی کە پێرسۆنای حەسەن دەگێڕێتەوە، ئەگەرچی وەک دێڕ و ڕستە هەندێک هاوبەشێتی لەگەڵ بەشەکان و پێکهاتی پێشوودا هەیە (وەک بەو بارا جوانییەکەت درێژە بدە)، بەڵام گێڕانەوەیەکی تایبەتی تر و چڕ و کورتە لە خەونێکی سەرکوتکراو لە واقیعێکی خەونزەدە، ئەم بەشە ئارەزووی هەبوونی پێرسۆنای حەسەنە با بوونێکی تیراژیکیش بێت، ئارەزووی ئارەزووکردنە، بۆیە لەم بەشەدا و بە پێکهاتشکێنی کەوانەیەکی بەشی ٣ ل٢٨ تاموبۆی گێڕانەوەکە و تێم و مۆتیڤەکەی زەقتر دەکاتەوە

**(نیشتەجێی پەرشێکم، زارێکە جێناکۆک**

**فیعلی چی، خاپووری باریوە تا سەر چۆک**

**بۆ دێڕێک پێویستە پیتەکان هەڵکۆڵم**

**یاو ئەدویم، تاوی نوێی سەهۆڵم**

**...**

**خۆم کوردی کاول و عەسەبی و کەنارم**

**دووکەڵی هیستری و جێماوی قەتارم)**

ئەم بەشە وەک فەزایەک کە بەسەر گێڕانەوەکەدا زاڵە شتێک لە پەلکێشانی ئاشکرا و شاراوەی بۆ ناو جیهانی واقیع تێدایە و دەیەوێت لە سیستمی دەلالەتی دەق وەک یەکەیەکی دەرەواقیع و خودئیرجاع نەختێک برواتە دەرەوە:

**حەسەن باوکت مێزەرە و جامانەیەکی لوول بوو،**

**...**

**دایکت هەورێشمێک و سرکەییەکی ئەسڵی**

**...**

**وەک ماتۆڕەکەت غەمگین**

**وەک جلەکانت ئیزافە**

**...**

**دنیا ڕاستە**

**خودا ڕاستە**

**ڕاست ڕاستە**

**...حەسەن کڵاوەکەی چەپە**

**حەسەن خوێنەکەی چەپە.** ل٤٩

ئەگەرچی حەسەن زۆرتر لە خەونێک دەچێت کە لە نێوان "زمان" وەک بوونێکی وانوێنراو و واقیع وەک حەزێکی خزۆک و ونبووگ لە هاتوچۆدایە، بەڵام لایەنی خەونزەدەی گێڕانەوەش زەقە:

**کەس تۆ ناناسێ حەسەن**

**تۆ کەربەلا نەبووی حەسەن**
**سەرۆک وەزیر و حەسەنەک،**
**بەرۆک حەسار و وەزارەک نەبووی**
**تۆ شکستێک بووی**
**حەسەن**
**وەک فریو وەک عارەق وەک قەسەم خۆت خواردت.**
ل٥٠

وەک دیارە لەم دێڕانە چەندان پارۆدی و ئاماژەی مێژووییش هەیە، ڕووداوی کەربەلا و ئیمام حوسەین، کە لێرەدا حەسەن دەشێت وەک مەجاز بکاتە کەسێک کە برای کوژرابێ و کۆستکەوتەی بێت، ڕووداوی لە سێدارەدانی حەسەنەکەی وەزیر لە سەردەمی خیلافەتی غەزنەوییەکان و بە فرمانی خەلیفەکانی بەغدا بەهۆی قەرمەتی بوون، یان "حەسەن" بوونەوە!، بەڵام حەسەن پێیەکی لە ناو واقیعە:

**نەخشەی سەفەر لە لاقەکانتا**
**- کە ئەم دواییە شەل بووبوو-**
**خەتی چی؟دەمار بوو.** ل٥١

ئەو پێیەکەشی کە ئەم دواییانە شەل بووە لە ناو خەونە:

**پاش تۆ حەسەن**
**ئاه حەسەن کەس تۆ ناناسێ هاوڕێ**
**وێدەچێ تۆ نەبووی،**
**خەونێک بووی لەم شیعرەدا ئەتبینی.** ل٥١

بەڵام:

**من خەونەکان دەگەڕێم**
**بۆ بۆنێکی تۆ حەسەن**
**...**
**بۆ زامێکی تۆ حەسەن.**ل٥٢

ئەمە ئەو لایەنە مانایی و پێکهاتی و فۆرمیانە بوون کە من بە میتودێکی هێرمنیوتیکی خوێندمەوە و نووسیمنەوە، دەشێت لە لایەنی تر و بەگۆشەنیگای تر ئەم دەقە و سووچ و لاپاڵەکانی بخوێنرێتەوە، شێوازی کایە بە وشە، وشەی خاوەن کێش، ئیرجاعاتێکی ورد و ناسک بۆ ئاوا میحوەری، شکاندنی فیعل، ڕۆنانی هەندێک وشەی لێکدراو بە شکاندنی بنیادی گێڕانەوە و بکرێت، گرنگ ئەوەیە من بۆ زامێکی خۆم گەڕام ڕەزا، لەم دەقەدا.

## کۆتایی

وەک وتم دەیانگێڕایەوە کە ڕاهیبەیەک پاش بینینی تاریکی لە دنیا دابڕا، پاش چەندان سەدە بوو بە دەق، بە گۆشت و خوێنەوە، پێی دەڵێن کتێبی نەفرەتکراوان، پڕە لە گوناهی یەکەمین و لێوانلێوە لە هەموو گوناهێک، پڕە لە زام و پاکی. ڕۆژێک هەمووان دەشێت باسی کتێبی نەفرەت کراوی خۆیان بکەن.

کتێبی خوێن و دووکەڵ و شکست و شەیتان و سێکس و جوانی و پەری و... تاد من و کڕاکە.

**٢٠١٦/١٠/٧**

### سەرچاوە و پەراوێزەکان:

١-ڕامان سلدن، پیتر ڤیدسون ترجمە عباس مخبر، نظریەهای پساساختارگرا ص١٨٤

٢-هانس گئورگ گادامر، هرمنوتیک مدرن، همگانیت مسئلەی هرمنوتیک ص٩٩

٣-سەرچاوەی ١لاپەڕەی١٨٣

٤- پێکهاتشکێنی، یان واسازی لەو وشە دووپاڵ و دوولایەنانەیە کە لە زمانی فارسیدا دوای ئەزموونێکی وەرگێڕاندنی فەلسەفی و مشتومڕی نێوان ڕۆشنبیران وەک هاوتای deconstruction دانراوە. و چڕوپڕ واتاکەی دەپێکێت، لەسەرەتادا ئەم زاراوەیە تەنیا واتای هەڵوەشاندنەوە و "ساختارشکنی"بوو، بەڵام دواتر دەرکەوت کە واتاکەی ئەوەیە کە ئێمە پێکهاتێک دەشکێنین هاوکات لەگەڵ ئەو شکاندنەش پێکهاتێک ڕۆ دەنێین و واسازی کە وشەیەکی کۆنی پارسییە و تەنیا فارسیش نییە!؟ بەو واتایە دێت دەکرێت ئێمەش کەڵکی لێ وەربگرین؟، واسازی واتە شکاندنێکی ڕۆنەرانە!

٥- ڕامان سلدن، پیتر ڤیدسون ترجمە عباس مخبر، نظریەهای پساساختارگرا، ژاک دریدا، ساخت شکنی ص١٨٢

٦- انتونی کرباى، درامدی بر هرمنوتیک، هرمنوتیک مدرن، ص١٧

٧-لە ئەفسانەکانی یۆنانی کەونارادا ئاماژە بەوە کراوە کە خودای خودایان. ئەوەی وا هەموو کائیناتی خوڵقاند خۆی نوورە. تیشکی ڕەهایە، بەڵام بە خوڵقانی خۆی هاواز و هاوبوونێکیشی بە ناوی "تاریکی" بۆ پەیدا دەبێت کە دواتر لە ئەفسانەکاندا وەک خوشکی خودا ناوی دەبەن، خودا بۆ ماوەی میلیۆنان ساڵ بەند و زیندانی دەکات، چوون تاریکیش بە ڕادەی خودا (نوور) بە هێز بوو، چوون نوور دەسپێشخەری کردبوو، توانیبووی سەرەتا پێ بەست و قۆڵبەندی کات و لە زیندانی بخات، بەڵام پاش ماوەیەکی درێژ بە هۆی گوناهێکی گەورەی مرۆڤ کە وەک خواست و ئارەزوویەکی شێتانە بۆ خۆشویستن دەچوو، ئازاد دەبێت، تاریکی لێرەدا مێیە و ئارەزووی مرۆڤە بۆ نادیار و نەناسرا و نەبینراوەکان، ئارەزووی مرۆڤە بۆ ئۆدیسە و ڕۆچوون بە ناو دەقدا، وەک ڕاهیبێکی زەندیق. (ئەم زانیارییانەم لەم لاو لا خوێندووەتەوە و

سەرچاوەیەکی دیاریکراوم لەبیر نییە بۆی).
٨-فـریدریش نیــتشــه، ترجـمـه داریوش اشـوری، چنین گـفت زردشت، ص٣١٩- ٣٢٠
٩- انجیل عیسی مسیح عهد جدید ص٢٨٩
١٠-، دنیای شته بچووکەکان ل٥ رێبوار سیوەیلی
١١-کراکه ل٢٨
١٢-ئامـاژەیە بە زنجـیـرە درامـای ونبـووگ، یان ونبـووەکـان (Lost) کـە لە لایەن سێ دەرهێنەری بە توانسـتی ئەمـریکایی جیفری لەیبێر، جەی جەی ئابرامز و دیمۆن لیندیلۆف دروست کراوە و لە شەش سیزێن پێکهاتووە، ئەم زنجیرەیە یەکێک بوو لە باس هەڵگیـرسـێنەرترینی ئەو درامـایانە کـە بە چەندان داهێنان لە وێنەگـرتن و روایەت و رابوردوونوێنی (Flashback) چەندان تێمی فـەلسـەفی و وجـودی و مـیـتـافـیزیکی بەشـێـوەی هونەری گێراوەتەوە و ناوی چەندان فەیلەسووف و بیرمەند و فیزیکزانیشی تێدایە و هەرکام هێمای چەشنە بیرکردنەوەیەکن لە جیهـانێک بە ناوی "دوورگـە"دا، کـەسـێک ئەو درامـایەی بینیـبێ لەم باسـەی منیش بە ئاسانی و قووڵی تێدەگات.
١٣ و ١٤-کراکه لاپەڕەکانی ١٠ و١٩
١٥- رامـان سلدن، پیـتـر ڤـیـدسـون ترجـمـه عـبـاس مـخـبـر، نظریەهای پساساختارگرا، رولان بارت:متن متکثر، ص ١٦٧
١٦- نەشئەبوون هاوتای وشەی (Jouissance) دانراوە کە لە کتێبەکەی بارت و بە زمانە فەرەنسییەکەی هاتووە و مانای ئۆرگـاسم و ئەوپەڕی چێـژی سـێکسـیش دەگـەیەنێت، وەرگـێـڕی ئینگلیزی "چێژی دەق" هاوتایەکی تەواوی بۆ ئەم وشە فەرەنسییە نەبینیوەتەوە لە زمانی ئینگلیزیدا، بۆیە وشەی (bliss)ی داناوە کە مانای چێژ و شادی و سەرخۆشی زۆر دەدات، وەرگێڕی زمانی فارسی بۆ ئەم وشەیە شتێکی شیاوتر لە نەشئەی دەست نەکەوتووە کـە دەشـێت لە کـوردیشـدا هەر ئەوەی بۆ دانێین، هەرچەندە من سەرخۆشیشم پێ گونجاو و شیاوە. بڕواننە سـەرچاوەی پێشـوو ل ١٦٨ پاوەرەقی.
١٧-رولان بارت، ترجمەی پیام یزادنجو، لذت متن ص٢٨
١٨-سەرچاوەی پێشوو ل ٣١
١٩- رامـان سلدن، پیـتـر ڤـیـدسـون ترجـمـه عـبـاس مـخـبـر، نظریەهای پساساختارگرا، ساخت شکنی امریکایی دومان، وایت، بلوم و...ص١٩٠
٢٠-سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.
٢١- رامـان سلدن، پیـتـر ڤـیـدسـون ترجـمـه عـبـاس مـخـبـر، نظریەهای معطوف به خواننده، پدیدارشناسی: هوسرل، هایدگر، گادامر ص ٧٣
٢٢-سـەرچاوەی پێـشـوو هەمـان بەش، نورمن هـالند و دیوید بلیچ: روانشناسی خواننده ص٨٩
٢٣- ئۆنتـۆلۆژیای ئارەزوو و پرۆسێـسیوسەکانی بە سوژەبوون، وتارێکی ئینتـەرنێتی ئەبووبەکر جاف کە لە کـولتـوور مەگـەزیندا بڵاو بووەتەوە. لاپەڕەکانی ١ و٢
٢٤- رولان بارت، امپراتوری نشانەها، ترجمەی ناصر فکوهی ص١٠٧
٢٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٨٤
٢٦-لێــدوانی د.مــاری کــلاگـــز، زمــان لە روانگەی دەروونشیکاریییەوە (دەربارەی ژاک لاکان) وەرگـێـڕانی مەنسـوور تەیفووری، ئیبراهیم شەوقی، زمانەوان ٣ لاپەڕەی١٤٥
٢٧-سەرچاوی پێشوو، لاپەڕەی ١٤٤
٢٨-ئەمـە دوو دێڕە لە ناو کـراکـەدا کـە چەندان جـار دووپات دەبنەوە و من لێرە بۆ گـونجـاندن لەگەڵ نووسـینەکـەم فـیـعل، یان کردەکانیم دەستکاری کردووە.
٢٩-ناوی شیعرێکی مەریەم هوولە شاعیری کوردزمانی فارسی بێـژە کـە لێـرەدا بە ئامـاکـە و دەلالەتێکی ئایرۆنی بۆ واقـیـعی جیهانمان هێناومە.
٣٠-خود لێرەدا بە دوو واتا دێت: ١-خودێک وەک ئیرادەیەک کە دەیەوێت لە ناهۆشیارەوە هۆشیاری خۆی بگێڕێتەوە ٢-خودێک بەواتای پێکهاتێک کە لە دژی دارشتنێکی دیاریکراوە.
٣١- رامـان سلدن، پیـتـر ڤـیـدسـون ترجـمـه عـبـاس مـخـبـر، نظریەهای مـعطوف به خـواننده، جـرالد پرنس: مـخـاطب روایت ص٧١.
٣٢- هەمـوو مـەوداکـان، لە زەمـان و فـەزادا خـەریکن کـورت دەبنەوە. ئەمـرۆکـە مـرۆڤ شـەوانە لە رێگەی فـرۆکـە دەگـاتە شوێنانێک کە پێشتر لەمە حەفتە و مانگی دەخایاند. هەنووکە ســات بە ســات هەواڵی رووداوەکــانی لە رادیۆوە پێ دەگــات؛ لەحاڵێکدا تا بەر لە ئێستا ئەگەر شتێکیشی دەبیست ساڵانێک پاش قەومانی رووداوەکە بوو. پرۆسێسی گەشە و نەشەی گیاکان کە لە درێژەی وەرزەکاندا شاراوە بوو، ئێستا لە یەک خولەکدا و لە فیلمێکدا پیشان دەدرێت، ئەمە چەند دێڕن لە بابەتێکی هایدگەرە لە ژێر نـاوی"شت" کـتـێـبی شـیـعـر، زبان و اندیشـەی رهایی. ئەم بەشـەی لەگەڵ گێڕانەوەکەی مندا گـونجـاو و ئاوێزانە، بۆیە لێرەدا هێنام.
٣٣-مـارتین هایدگر، مـفـهـوم زمان و چند اثر دیگر، ترجـمـەی علی عبداللهی، مفهوم زمان ص٤١.